## پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بۆ هاوریانی ریبەرایەتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

ویرای سلاو.

بەبۆنەی ٢٧مین سالرۆژی سازمانە تێکۆشەرەکەتان پر بەدل پیرۆزبای ئەو رۆژە تاریخیە لە ئیوە دەکەین لە ریگای ئێوەشەوە لە کادرو پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی سازمانە تێکۆشەرەکەتان دەکەین.

هیوادارین کە حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان لە کوردستانی ئێران بتوانن لە دەوری یەکتردا کۆ ببنەوە تا بتوانن نەقش و رۆلێکی گەورەیان هەبێ لە داهاتووی وەلاتە بن دەستەکەمان. تا بتوانن کوردستان لەژێر چەپۆکی کۆنە پەرستانی شەوپەرست رزگار بکەن جارێکی دیکە سالرۆژی دامەزرانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران پیرۆزبێ.

بروخێ کۆماری ئیسلامی ئێران.

بەرزو پایداربێ هاوکاری نیوان حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران.

بەسپاسەوە

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

١٣٨٦/٦/١٠

٢٠٠٧/٨/ ٣١

## بەشداری هەیئەتێکی سازمانی خەبات لەرێورەسمی ٦٢ەمین ساڵەوەگەری دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

لە سەر بانگهێشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران، رۆژی هەینی ٢٦ی گەلاوێژ ١٣٨٦ی کوچی خۆری هەیئەتێکی سەرکردایەتی سازمان بەشداری مەراسیمی ٢٥ی گەلاوێژی کرد کە لەناوەندی ٣ی حیزبی دیموکرات بەرێوە چوو.

هەیئەتی سازمان پێک هاتبوون لە بەرێزان کاک بێهرۆز ئەردەڵان، کاک محمد محمدی و سەید کامیلی چاپاش ئەندامانی کومیتەی ناوەندی سازمان.

هەیئەتی سازمان پەیامێکیان بەوبۆنەوە پێشکەش بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد.

## پیرۆزبایی کۆمیتەی سەردەشت بەبۆنەی ٥ی خەرمانان، بیست و حەوتەمین ساڵرۆژی پێك هاتنی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بەرێز: کاك بابەشێخ حسینی، سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی پێنجی خەرمانان، ٢٧مین ساڵرۆژی پێك هاتنی سازمانە خۆشەویستەکەمان، گەرم ترین پیرۆزبایی بە بەرێزتان و ئەندامانی رێبەرایەتی سازمان و کادر و پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمان پێش کەش دەکەین.

ئێمە کادر ئەندامانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە سەردەشت و ناوچەکانی، بەڵێن دووبارە دەکەینەوە، لە سەر رێبازی پڕ لە شانازی سازمانی خەبات ی کوردستان، درێژە بە کار و خزمەت بدەین و بە پێ ی توانا فیداکاری بکەین.

بە ئومێدی رزگاری کوردستان و روخانی رژیمی کۆنەپەرەست و دواکەوتووی ئاخوندەکان.

بەرپرسی کۆمیتەی سەردەشت

هیوا فتاحی

# پیرۆزبایی ی کومیتەکانی ناوخۆی وەڵات به بۆنەی ٥ی خەرمانان



## پیرۆز بێ ٥ی خەرمانان ٢٧مین ساڵرۆژی تأسیس سازمان خەبات

بەرێز: رهبری مبارز سازمان خەبات

با سلام و درود انقلابی

ئێمە، ئەندامیەلی سازمان خەبات لە کرماشان و دەوروبەری تبریکات خۆمان بۆ گشت ئەندامان و هواداران سازمان خەبات، لە سرتاسر کوردستان عەرز کەیمن.

وە ئی مناسبەت، تبریکات صمیمی خۆمان پێش کەش وە خانوادە شهیدان سازمان خەبات کەیمن.

بە سلاو بە رۆحی پاك شهیدان سازمان خەبات کوردستان ئێران، وە صمیم قەلب سەربلندی ئەرای سازمان خەبات و نابودی ئەرای رژیم ئێرتجاعی ولایەتی فەقیه ئارەزوو دیریم.

**جواد مرادی**

**لە نمایەندگی کومیتەی کرماشان**

## بانگەوازی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بۆ جەماوەری کوردستان

هاونیشتمانە تێکۆشەرەکان!

ئەندامان، لایەنگرانی سازمانی خەبات!

رژیمی سەرەرۆی ئاخوندی قێزەون ترین دەسەلاتداریی ئێستا لە جیهان دا بە هەموو توانای بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی سەرکوت، مافەکانی هاوولاتیان لە ئێران بە تێکرای نەتەوە و مەزهەب و بیر و بۆچوونەکان پێشێل دەکا و حوکمی زیندانی و ئێعدام بە سەر روناکبیران و ئازادیخوازان دا دەسەپێنێ.

هەر وەك دەردەکەوێ لە چەند رۆژی رابردوودا دەزگای قەزایی رژیم حوکمی ئێعدامی بۆ عەدنان حەسەن پوور و هیوا بووتیمار، دوو چالاکی رۆشنبیری دەرکردوە، هەروەها سەرکوت و چەوسانەوەی جەماوەر و کەسایەتیە سیاسی و فەرهەنگیەکان بە بەربلاوی و بەوپەڕی بێ رەحمیەوەدرێژە پێ دەدا. سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، جارێکی دیکە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی رژیمی ئاخوندی دژ بە خەڵکی وەزاڵە هاتوو و لاوانی تێکۆشەر بە توندی مەحکوم دەکا و حوکمی ئێعدام بۆ عەدنان حەسەن پوور و هیوا بووتیمار بە نارەوا و غەیرە ئینسانی و ناعادلانە دەزانێ. هەر بەو بۆنەوە داوا لە جەماوەری کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەکا، لە مان گرتنی راگەیندراودا رۆژانی سێ شەممە و چوار شەممە و پێنج شەممەی ئەم حەوتووە چالاکانە بەشداری بکەن.

بە پێویستی دەزانین جارێکی دیکە داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی و رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان لە سەرانسەری جیهان بکەین کە لە پێناو رزگار کردنی گیانی زیندانیانی سیاسی لە ئێران بە تێکرا و عەدنان حەسەن پوور و هیوا بووتیمار هەوڵی جیدی بدەن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

٣٠ی پووشپەڕی ١٣٨٦ی کۆچی خۆری

## پیرۆزبایی ی کومیتەی بانە

بەرێز: رێبەرایەتی دلسۆز و خۆراگری سازمانی خەبات

لە گەل سلاو

بە بۆنەی ٥ ی خەرمانان بیست و حە وتەمین سالروژی پیك هاتنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران گەرم ترین و رازاوەترین پیروز بایی تان پێش کەش دەکەین، هەر وەها پیروزبایی بە کەس وکاری شەهیدە سەربەرزەکانی سازمان و تێکرای هوگرانی رێبازی سازمان

پێش کەش دەکەین.

پیویستە بە ئاگاداریی بەریزتان بگەینین، بە بونەی ئەم رۆژە پیرۆزە وە ئەندامان و دوستانی سازمان لە شاری بانە و دەوروبەری بە بەربلاوی کاری تە بلیغاتی مان بەرێوە بردوە و لە چەندین بەر زایی ئاور کراوەتەوە بەو هومێدەی سازمانی خوشە ویستە کەمان لە پێناو ئازادی بۆ کوردوستان و رزگاریی نەتەوەیی کورد و روخانی رژیمی ملهوری ئاخوندی سەر کەوتنی زیاتر وە دەست بێنێ.

کۆمیتەی ناوخۆی شاری بانەی

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**سامان ، ئازاد، هەوراز**

## پەیامی پیرۆزبایی ی کۆمیتەی سەقز

لە یادی ٢٧مین ساڵرۆژی دامەزراندنی سازمانی خەبات ی کوردستان، رێز و سلاو پێشکەش بە جەنابی کاك بابەشێخی حسینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات دەکەین.

کۆمیتەی سەقزی سازمانی خەبات ی کوردستان لەگەڵ رێز و ئەمەك ناسی بۆ هاوسەنگرانی دیکە لە سازمان دا، سلاوێکی گەرم و گەش و پڕ لە خۆشەویستی و وەفاداری دەنێرێ بۆ خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ناوچەی سەقز ولە م بۆنە پیرۆزە داجارێکی دیکە پە یمان نوێ دەکاتەوە کە تا سەروسەرکەوتن درێژە بە ئە رکی شۆڕشگێڕانەی بداو لە پێناو بەرەو پێش بردنی سازمانە تێکۆشەرەکەمان هەوڵە بەردەوامەکانی چڕتر بکاتەوە.

دووبارە پیرۆز بێت ٢٧مین ساڵرۆژی پێك هاتنی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی سەقزی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٣٨٦/٦/٥

## پەیامی پیرۆزبایی ی کومیتەی مەهاباد

لەگەڵ درود و سلاومان بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی کونگرەی سەرکەووتووی سێهەم، دەستی هەموو هەوالانمان لە سازمانی خەبات دەگوشین، و ماندووبوونی یان پێ دەڵێین.

برایان و خوشکان جێژنی پێنجی خەرمانان بیست و حەوتەمین ساڵرۆژی سازمانی خەبات هیوای گەلی کورد، لە ئێوە و خۆمان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان پیرۆز بێ و هیوادارین هەموو کاتێکتان هەر جێژن و خۆشی بێت.

ئێمە خۆشحاڵین ئەو موناسەبەتە موقەدەسە یاد دەکەینەوە کە بیرەوەری ٢٧ ساڵ تێکۆشان و ماندووی نەناسی و فیداکاری سازمانە خۆشەویستەکەمان، سازمانی خەباتە.

درود و سلاو بۆ سازمانی خەبات

مەرگ و نەمان بۆ دژمنانی کورد

کومیتەی تەشکیلاتی شاری مەهاباد

## پەیامی خانەوادەی شەهیدانی سازمانی خەبات بەبۆنەی ٥ی خەرمانان بیست و حەوتەمین ساڵرۆژی پێك هاتنی سازمانی خەبات

رێبەرایەتی تێکۆشەری سازمان!

جەماوەری ستەم لێکراوی کوردستان!

پێشمەرگە قارەمانەکان

ئێمە خانەوادەی شەهیدانی سازمانی خەبات، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی گەرم پێش کەش بە رێبەرایەتی سازمانی خەبات و جەماوەری ستەم لێکراوی کوردستان دەکەین بەبۆنەی ئەم رۆژە پیرۆزەوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بیست و حەوت ساڵ تەمەنی خۆی بە تێکۆشان و فیداکاری کادر و پێشمەرگە نموونەییەکانی بردۆتە سەر، و دەیان رۆڵەی بە نرخی پێش کەش بە کورد و کوردستان و جوڵانەوەی ئازادیخوازی لە بەرانبەر رژیمی سەرەرۆی ئاخوندیدا کردوە. ئێمە کەس و کاری شەهیدانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ئەگەر چی غەم بارین بە لە دەست دانی کەسە خۆشەویستەکانمان، بەڵام کاتێك سەرنج دەدەینە هاورێیانی شەهیدان و رێبوارانی رێبازەکەیان کە بە بەردەوامی هەوڵ دەدەن و تێ دەکۆشن و سازمانە خۆشەویستەکەیان بەردەوام لە چالاکی و گەشە سەندندایە غەم و پەژارەکانمان سارێژ دەبێتەوە.

ئێمە کەس و کاری شەهیدانی سازمانی خەبات زۆر خۆشحاڵین بەوەی کە شاهیدی پێش کەوتن و گەشە سەندنی سازمانی خەباتین لە کارە سیاسیەکان و تەشکیلاتیەکان و ئەو پێش کەوتنانەی لە دوای کەنگرەی سێهەمی سازمان هاتوونەتە دیی.

بەو ئومێدەی خوای گەورە یارمەتی دەرمان بێ، تا بتوانین زیاتر بە سەر غەم و پەژارەمان دا زاڵ بین و رزگاری و ئازادی باڵ بە سەر نیشتمانی ئازیزمان دا بکێشێ و رژیمی گۆڕ پەرەست و دیکتاتۆری ئاخوندەکان بروخێ و لە ناو بچێ.

هەر بژین بە شادی و پیرۆز بێ لێ تان پێنجی خەرمانان.

بە نوێنەرایەتی کەس و کاری شەهیدانی سازمانی خەبات

خانەوادەی شەهید مەلا عەلی و شەهید صالح رەسووڵی و خانەوادەی شەهید تۆفیق کەریم پوور

## کردەوەی ترۆریستی و دڕندانەی ترۆریستان بۆ سەر خەڵکی بێ تاوان لە ناوچەی شەنگال مەحکوم دەکەین

رۆژی سێ شەممە ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٨٦ـــ ٢٠٠٧/٨/١٥، ترۆریستانی دڵ رەش و دڕندە چەندین ئوتومبیلی پڕ لە تەقەمەنیان لە ناو ژن و منداڵانی بێ تاوان لە ناحیەکانی گرعوزێر و کۆمەڵگەی سیتا پیر خدر و دێی غوزێری کۆن لە ناوچەی شەنگال تەقاندەوە و سەدان کەسیان شەهید کرد و سەدان کەسیان بریندار کرد.

ترۆریستە بێ رەحم و دڕندەکان بێجگە لە دڕندەیی، دژ بە هەموو رەفتارێکی ئینسانی و ئایینین و روو رەشی دونیا و قیامەتن.

ئەو کردەوە ترۆریستیانە لە ناوچەی شەنگال، کە بوونە هۆی کوژرانی کوردە ئێزیدیەکان، دەرخەری دژمنایەتی قووڵی ترۆریستان بە ماف و ئازادیەکان بۆ تێکڕای دانیشتوانی عێراق بەتایبەت گەلی کورد لە کوردستانی عێراقە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە توندی کردەوە ترۆریستیە دڕندانەکان لە ناوچەی شەنگال و تێکڕای کردەوە ترۆریستیەکان لە عێراق مەحکوم دەکا و ئەو کردەوانە بە هەوڵی مرۆڤە نەخۆشەکان و بە دژایەتیان لەگەڵ ئازادی و دامەزراوی لە عێراق و کوردستان دەزانێ.

مەرگ و نەمان بۆ ترۆریستانی دڵ رەش

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٦کۆچی خۆری